# هارۆڵد پینتر : ئێمە لە جیهانێکی مۆتەکە لیێدراودا دەژین



ئەو بابەتە لە نوسینی بەرەندەی خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلە کە لە لاپەرە فەهەنگییەکانی ڕۆژنامەی ئافتۆن بلادت دا ریکەوتی 17 دیسامبری 2002 بە چاپ گەیوە . هەروەها پاش 11 سبتامبر و بەر لە هێرش بۆ سەر عێراق نوسراوە کە لەوکاتدا هارۆڵد پینتر پێشبینی روداوگەلی لە چەشنی 7 ژوئەنی ئەمساڵی لەندەنی کردبوو. ئەم بابەتە لە 14 ژوئەنی 2005 سەر لە نوێ لە رۆژتامەی ئافتۆن بلات دا بە چاپ گەیوەتەوە . حەمید قوربانی کردوویە بە فارسی .

لە فارسییەوە : ناسر حەق پەرەست

*********************

ئەم ساڵ من نەشتەرگەرییەکی گەورەی سەرەتانم نایە پشت سەر .ئەو نەشتەرگەرییە و کاریگەرییەکانی دواتر بۆم ببووە مۆتەکە .من خۆم وەک مرۆڤێک هەست پێکرد مەلە نازانێ و لەناو سەپۆل و قووڵایی تاریکی ئەقیانووس لە حاڵی نوقم بونم ، بێئەوەی بتوانم هەناسە بکێشم پەلە قاژە دەکەم . بەڵام من نوقم نەبووم و زۆریش حۆشحاڵم لەوەیکە ئێستاش هەر زیندووم و دەژیم .

بە هەر حاڵ کاتێ لەو مۆتەکە شەخسیەم رزگارم بوو ،خۆم لە شەوەیەکی بێ برانەوەو زۆر بەبربلاوتری گشتی دا دییەوە ___ شەوەیەک کە لە سەرشێتی ،نەزانی ،ملهوری و غروور،هەستی سەرکەوتن و مەیلە شەرخوازانەکانی ئەمریکایی سەرچاوە دەگرێ :هەر ئەو بەهێزترین نەتەوەیەی کە تا هەنوکە مێژوو بە خۆیەوە دیوە و لەکردەوەدا بەرنگاری هەمو جیهان بۆتەوەو شەری راگەیاندووە .

ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئێمە نین دوژمنمانن . ئەوە وتەی سەرۆک کۆمار (بوش) ی کورە .هەروەها وتویەتی "بەڵام ئیجازە نادەین کە وێرانکارترین چەکەکان لەدەست خرابترین رێبەرانی جیهاندا بێ ".بەراستی کەوایە . چاوێک لە ئاوێنەکە ئەوە خودی خۆتی دۆستی من .

هەر ئێستاکە ئەمریکا لەحاڵی گەشە پێدانی "چەکە بەکۆمڵکوژەکانی "خۆیەتی و خۆی ئامادە دەکا لە کاتێکی گونجاودا بە کاریان بێنێ .لە سەر یەک ئەمریکا ئەم چەشنە چەکانەی زیاتر لە گشت جیهان لە ئەنبارەکانی خۆیدا پاشکەوت کردووە . دەوڵەتی ئەمریکا خۆی لە هەمو بریار نامە نێونەتەوەییەکان لە پەیوەندی لەگەڵ چەکە کیمیایی و بیۆلۆییەکان دەرهاویشتووە و لە ئیجازە دانی هەر پشکنینێک لە کارخانەکانی خۆی دەپارێزێ .ئەو ریایی و درۆیەی کە لەپشت ئەو راگەیاندنە گشتی و عەمەلیاتە واقعیانەی کە بەرێوە دەچن شاراوەیە ، بە راستی کە گەمەیەکی پر ئازارە .

بە بروای ئەمریکا سێ هەزار کوژراوەکەی نیۆیۆرک تەنیا قوربانیانێکن کە دەبێ بە حیساب بێن ؛ئەوان قوربانی گەلێکن کە رۆڵ دەگێرن . ئەوان کوژراوەی ئەمریکایین . کوژراوەکانی تر ، نا واقعی ، لاوەکی و بێ مانان .هەرگیزاوهەرگیز نابێ باسێک لە بابەت سێ هەزار کوژراوو لە ئەفغانستان بکرێ .

هەرگیزاوهەرگیز نابێ لە کاریگەرییەکانی ئەو ئۆرانیۆمەی کە ئەرتەشی ئەمریکالە شەری کەنداو دا دژ بە عێراق بەکاری هێنا ،باسێک بکرێ . پلەی تیشکی ئەتۆمی لە عێراق زۆر لە سەرەوەیە. منداڵی بێ مێشک ، بێ چاوو وبێ ئەندامی جنسی لە دایک دەبن .لە راستی دا ئەگر ئەوان بە گوێ ، دەم یا ریخۆڵەوە لە دایک بن تەنیا خوێن لەبەر ئەندامە ئاواڵکانیان دەروا .

هەرگیز نابێ قسەیەک لەو 200 هەزار کوژراوەی تەیموری رۆژهەڵات بکرێ . بەڵام ئەمە کام قەزاوەتی بە هەڵە لە رووداوە هەنوکەییەکان و کام هەڵسەنگاندنی نابەجێیە لە مێژوو کە دەکرێ .ئەوە باش بزانن کە ئەوان خەفەقان لە یلد ناکەن ، ئەوان ترۆریزمی دەوڵەتە زلهێزەکان لە یاد ناکەن ، بەڵکو تۆڵە دەستێننەوە .

ئەو خرابکارییەی کە لە نیۆیۆرک روی دا پێشبینی کراوو و چاوەرووان کراو بوو . ئەوە کردەوەیەکی تۆڵە ستێنەرانە بوو لە ئەمریکا بۆ ئەو ترۆریزمە دەوڵەتییەی کە ساڵانێکی دوور و درێژە لە هەر کون و قووژبنێکی جیهان بەرێوەی بردووە .

لە ئینگلیس دەوڵەت خەڵک ئاگادار دەکاتەوە "هوشیاری " کردەوەی ترۆریستی بن کە لەوانەیە روو بدا .خۆی ئەو شێوە بەیانکردنە زۆر پێکەنینییە . چۆن دەکرێ دەتوانرێ

هوشیاری گشتی لەو بابەتەوە بە کردەوە دەربێ ؟ ئینسانەکان بە خاولییەک دەمیان لە بەرامبەر دزەی گاز دا ببەستن ؟
بەڵام بەداخەوە ئەگەری ئاوا کردەوەیەکی ترۆریستی لە داهاتوودا وەک ئاکامێک لە بە دوواداچوونی بێشەرمانە و پر لە سوکایەتی سەرۆک وەزیرانی ئێمە لە ئەمریکا یەکجار زۆرە . بە ئاشکرا ماوەیەک لەمەو بەر لە روودانی کردەوەیەکی ترۆریستی بە گازی ژەهراوی لە ناو مێترۆکانی لەندەن پێشگیری کرا . بەڵام کردەوەگەلێکی لەم چەشنە هەر لەحزەیەک ئیمکانی ئەوەی هەیە روو بدا ، هەموو بەرپرسیارییەتێکەی لە ئەستۆی سەرۆک وەزیرانی ئێمەیە . روونە کە جەنابی سەرۆک وەزیران خۆی بە مێترۆ هاتووچۆ ناکا .ئەو شەرە بەرنامە بۆ دارێژراوە لە دژی عێراق کە بە رواڵەت بە ئامانجی رزگارکردنی خەڵکی ئەم وڵاتە لە چنگی دیکتاتۆرەکەیانە ، لە راستی دا خۆی دەبێتە هۆی کوژرانی بە ئانقەستی بە هەزاران شارۆمەند .
ئەمریکا و ئینگلیسی گەورە سیاسەتێکیان گرتۆتە بەر کە بەروپێشبردنی ئەو تەنیا دەتوانێ توندوتیژی لە سەراسەری جیهان پەرە پێبدا و لە ئاکامیشدا ببێ بە کارەسات .
بەڵام خۆ ئەوە روون و ئاشکرایە کە ئەمریکا لە مەیل و ئیشتیای هێرش بۆسەر عێراق وەختا شەق بەرێ . بە بروای من ئەمریکا ئەو هێرشە دەکا ، بەڵام نەتەنیا بە خاتری کۆنترۆڵکردنی نەوتی ئەو وڵاتە بەڵکوو بەزو هۆیەش کە بەرێوە بەرانی دەوڵەتی ئەمریکا دەرەندەگەلێکی تینوی خوێنن . بۆمبەکان تەنیا زمانێکە کە ئەو دەزگایە پێیان دەدوێ . ئەوە دەزانین کە زۆریەک لە ئەمریکایی یەکان لە کردەوەکانی سەرانی خۆیانە دەترسن ، بەڵام ئەوان خۆیان بێ یارمەتی لە بەامبەر دەوڵەتەکەیاندا هەست پێدەکەن .
ئگەر بێتوو بەلای ئوروپاییەکانەوە یەکگرتویی ، روناکبیری ، بوێری و ئەو خواستانە نەبێ کە ئەمریکا ئاگادار کەنەوە و بەرەنگاری ملهورییەکەی ببنەوە ، لە داهاتوو دا خۆیان شاهیدی ئەو وتەیەی ئالێکساندێر هێرزێتر دەبن کە دەڵێ :"ئێمە دوکتوور نین . ئێمە نەخۆشین ".

هاراڵد پێنتر 2002/9/17